# پرۆژەیەک بۆ دایەلۆگ
# هۆکاری سەرکەوتنی ئیسلام

## تەها ئەمین هەڵەدنی

بێگوومانین کە هەموو کارێک هۆکارێکی تایبەتی یا گشتی هەیە، کە دەبێتە هۆکاری سەرکەوتن یا ناکامی دەرئەنجامی هەوڵەکان.

مێژووی نووسیوویە کە ئیمپارتۆریەتی مەد زۆربەی ئاسیاو تا ناوەڕاستی ئەفریکاش گرتبۆو. بەڵام ئیستا نەوەکانی مەد لە خاکی خۆشاندا ئاوارەن.

گرێکیەکان ، ئاشووریەکان، کلدانیەکان هەروەها.

عەرەبەکان نەتەوەیەکی دواکەوتوو و لەهەژاترین شێوازی ژیاندا دەژیان. ئەوان تەنانەت میزی حوشتریان دەخوادەوە، هەروەها میزی حوشتر باشترین دەرمانی عەرەبەکان بووە تا سەردەمێکی نزیک،چونکە عەرەبەکان ئاشنای شارستانی نەبوون1.

عەرەبەکان تەنانەت ئاشانای دروستکردنی شیر و تیریش نەبوون، هەرچی شیرو تیرێکیش کە هەیانبوە لە بازرگانوو هاموشۆکەرانیان کڕیوە.چونکە عەرەبستانی سعودی سەرەڕێگای هامووشۆکەرانی بازرگانی بوە. ئەوان بە تەواوی بێ ئاگا بون لە جیهانی پیشەو هونەری، محەمەدی کوڕی عەبدوڵا کە دەبیستێ لە ئێران و کوردوستان ئاشی با هەیە ،سەرسووڕ دەمێنێ و باوەڕیش ناکا. پاشتر کە باوەڕ دەکا داوا دەکا لە ئێران و کوردوستانەوە وەستای شمشێر ئاشی با بێهنن بۆ عەرەبساتنی سعودیە2.

خۆم هەتا نەمخوێندەوە وامدەزانی کە ئاشیبا بیرمەندانی ئەوروپا دایان هێنانەوە. بەڵام ئێستا هەر ئاشێکی با دەبینم لە ئەوروپا،جێ پەنجەی پاپیرانی کوردی تێدا دەدۆزمەوە.

بەڵام لە پڕ وەرچەرخانێک ڕوویدا لە ژیانی عەرەبە دەشتەکیەکاندا،570زاینی کوڕێک لەدایک بوو ناویان نا محەمەد. محەمەد کوڕی عەبدوڵا لە نەوەی بەنی هاشمن. محەمەد وەک کەسانیتری عەرەب نەبوو، ئەو ڕیزپەڕ بوو، ئەو وەک عەرەبەکانیتر بیری نەدەکردەوە. ئەو بەهۆی کۆمەڵێ گەشتی بۆ شوێنە جیا جیاکان بیرکردنەوەی وەک کانی تەقیە وەو گەشتە ئاستێک کە بیر لە گۆڕانی باری کۆمەڵاتی نەوەی عەرەب بکاتەوە.

محەمەد 610 زاینی ووتی کە خوا ئەوی هەڵبژاردوە بە پێغەمبەری خۆی و پەڕتووکی خوای پێدەسپێرێ.

ئەو لە 610 زاینیەوە تاکوو ساڵی623 زاینی سەرگەرمی کۆکردنەوەی ووتەی ناوداران و بیرمندانی ناوچەکە بوو، پاشانیش بە خەڵکی دەووت کە خوا ئایەی قورئانی بۆ دەنێرێت.

محەمەد لە تەمەنی 63 ساڵیدا کۆچی کرد.

محەمەد لە ماوەی 23 ساڵی تەمەنی سیاسیدا توانی گۆڕانکاری گەورەو بەرجەستەلە ناوچەکەدا بهێنێتە ئاراوە.

بەڵام محەمەد هەرچی دەیکرد و نەیدەکرد، دەیووت کە خوا فەرمانی پێکردوە. ئاشکرایە کە محەمەد لە ڕووی دەروونیەوە شارەزای تەواوی لە بیرکردنەوەی عەرەبەکان هەبوە. ئەوێرین کە بڵێن ئەو بە شێوەیەکی زانستیانە زانیویە کە کەی وە لە کوێدا گۆڵی خۆی لە نەیرانی خۆی بکا. محەمەد کۆڵنەدەرێکی بێوێنە بوو.چونکە دژی هەموو هەوڵەکانی نەیارانی خۆی وەک کۆڵەکەیەکی بتەو وەستا. ئەو باوەڕی تەواوی بەسەرکەوتنی ئایدلۆجیاکەی خۆی هەبوو.

چونکە محەمەد دڵنیابوو کە ژیانی عەرەبەکان بە شێوەی کە هەبوو بەڕێوە نەدەچوو. بەڵام لە بیرمان نەچێ هەروەک چۆن ڕێواس لە بیابانی نیمچەدوورگەی عەرەبی سەوز نابێ، هەروەهاش داری خوورما لە لەسەری قەندیل ناڕوێ. گوومان مان نیە کە ژینگەی داری خوورما تەنها گەرمای وەک نیچەدوورگەی عەرەبیە، ڕێوایش ژینگەیەکی سەری ژیلوان یا کەلخانە.

کەچی داری خوورما لە ناوەڕاستی دانیمارکدا ڕواوە، پرتەقاڵ شین بوەو بەریشی هەیە، بەڵام بەهۆی خانووی شووشەو گەرمای بەرزەوە، کە گەرماکەی دەگاتە ئاستی گەرمای نیمچەدوورگەی عەرەبی.

محەمەد ئامانجی خۆی پێکا بوو لە ڕوی شارەزایوو بیرکردنەوەی عەرەبەکان.چونکە کاتێک قورەیش و هۆزی بەنی غەفان هەستیان بە مەترسی ئیسلام کرد، ئەبوو هەردوو هۆزەکە لەشکریان پێکەوەنا، تا بەتەواوی ئیسلامەکان لەناوبەرن. ئەوەبوو هەردوو هۆزەکە شاری مەدینەیان گەمارۆدا،

بە هیوایەی کە زۆر بۆئیسلام بهێنن و خۆیان بدەن بەدەستەوە. بەڵام ئیسلامەکان پێشتر ئاگاداری پیلانی قوڕەیش و هۆزی بەنی غەفار بوون، ئەبوو خەندەقێکیان بەدەووری شاردا لێداو سەنگەریان گرت لە هێرش بەران. هێرشکەرەکان کە گەشتنە لێواری شارو خەندەقەکەیان دی،ناچارمان کەرەسەکانی شەڕ لە لێواری خەندەکە بخەن و بکەنە شەڕە تیر بەرانبەر لەشکری ئیسلام.

کاتکەی زستان بوو، سەرمای بیابانی ووشکیش وورەو خۆگری دەوێ، بۆیە هێرشبەران ماندوو برسیبوون،بەرگەی سەرماو برسێتیان نەگرت. لەو کاتەدا کە وورەی هێرش بەران ڕوخاو برسێتی زۆری بۆێهێنابوون، ڕەشەبایەکی بەهێز هەڵیکرد. کە چادرو کەرەسەکانیانی تێکدا. واتە هێندەی دی وورەیان ڕووخاو گۆڕەپانی شەڕیان چۆڵکرد. لەمێژە مێژوو نوسان پەیان بردوە بەوەی کە عەرەب خۆگر نین. محەمەد لە هەموو مێژوو نووسان باشتر هەستی بەبێ ورەیو عەرەباکان کردوە، بۆیە هەمیشە پەنای بردوە بۆ هێزێکی دەرەکی نادیار تا وورەی عەرەبەکانی پێ بەربکاتەوە.

کاتێک محەمەد زانی کە قورەیش وهاوپەیمانەکانی وورەیان ڕوخاوەو گۆڕەپانی شەڕیان چۆڵ کردوە، خێرا بۆ ئەوەی ئەو ڕوداوە بکاتە سەرکەوتنێ هەروەها ئامادەکردنی عەرەبەکان بۆ شەڕی ئانیدە ووتی:

ئەی باوەڕداران،یادی خوا بکەن، لەو نعەتەی خوا پێیداون. هێرشکەران هاتن، ئێمەش بە ڕەشەباو سەربازی نەبیندراومان نادرە سەریان و شکاندمانن،سورەی ئەحزاب ئایەی ژمارە9.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ جَاءتْكُمْ جُنُودٌ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِيحًا وَجُنُودًا لَّمْ تَرَوْهَا وَكَانَ اللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرًا .

بەڵام پاش ماوەیەکی کەم لە شەڕی ئوحودا 70 لە ئیسلامەکان کوژرا،مامی محەمەد حەمزە کوژرا. هیند کچی عەتەبەژنی ئەبووسوفیان جگەری حەمزەی دەرهێناو خواردی، لە تۆڵەی باوکو براکەیدا. کەچی نەدەنگی ڕەشەبا، نەدەنگی سەربازی نەبیراو نەهات.

کاتێکیش ئەبرەهە ویستی کابە وێران بکا، تا ناوەندی بازرگانی لە مەکەوە بگوێزێتەوە بۆ قشون یەمەن 570 زاینی، ئەو کاتە ئیسلام ناوی لە کولەکەی تەڕیشدا نەبوو. جگە لەوەش ئەو کاتە کابە تەنها بتی تێدا بوە!

بەڵام کاتێک ئەبرەهە دەگاتە نزیک مەککە دەبینێ کە ئەو هەواڵەی بیستوویەتی وانیە. خەڵکی مەککە برسین، ئەوان بەردیان لەژێر پشتێنەکانیندا دادەنا تا هەست بەبرسێتی نەکەن، محەمەد باید از نو شناخت ویرژیل کئورگیول.

لەو کاتەشدا لەشکرەکەی ئەبرەهە تووشی نەخۆشیەکی نادیار دەبێ ولەشکرەکەی شپرزە دەکاو دەگەڕێتەوە بێ ئەوەی کابە وێران بکا.

کەچی محەمەد بە بێئەوەی ئاگای لە ڕووداو بێ و لەو سەردەمەشدا ژیابێ(چونکە خودی محەمەد لە 570ی زایندا لەدایک بوە) ئەڵێ: ئایا نابیبنن کە خوا چی کرد بە خاوەن فیلەکان؟ خوا پەڕەسێللکەی نادرە سەریان بەردە بارانی کردن، بە بەردەی گڕدارو کردنیە تەرسوقووڵ!

1. أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصْحَابِ الْفِيلِ
2. أَلَمْ يَجْعَلْ كَيْدَهُمْ فِي تَضْلِيلٍ
3. وَأَرْسَلَ عَلَيْهِمْ طَيْرًا أَبَابِيلَ
4. تَرْمِيهِم بِحِجَارَةٍ مِّن سِجِّيلٍ
5. فَجَعَلَهُمْ كَعَصْفٍ مَّأْكُولٍ

سەیرە لەشکری ئیسلام لەجۆری فڕۆکەی وەک مەل و ڕەشەباو سەربازی نەبیندراو بەکار بهێنێ لە هەندێ شەڕدا. کەچی لە شەڕەکانیتردا بۆ نمونە 637 کاتێک پەلاماری مەداینیاندا 8000چەکداری ئیسلام کوژرا،بەقسەی سەعدی کوڕی باوکی وەقاس. کەچی نە پەڕسێلکە نە سەربازی نەبیندراو ڕەشەباش دەنگیان نەبوو3.

ڕاستیەیکی گوومان لێنەکراومان لەبەردەستادایە کە پاشاکانی کۆن، پاش ئەوەی جێگەو ڕێگەی خۆیان توندووتۆڵ کردبوو ئیتر ئاگایان لە ڕەوشی خەڵک نەمابوو.

چونکە نامەکی سەعد کە بۆ عومەری کوڕی خەتابی نارد لەمیسرەوە ئەو ڕاستیەمان بۆ بەیان دەکا، کەدڕندەی پاشا کارێکی وای کردبوو کە لەشکری ساسانی بە دڵشادیەوە پەیوەندی بکەن بە لەشکری ئیسلامەوەو دژی دەسەڵاتی ساسانی ڕاوەستن.

چونکە نامەکەی سەعد ئەڵێ:کاتێ من گەشتمە مەدائین 52هەزار چەکدارم هەبوو. بەڵام پاش ماوەیەکی کەم ژمارەی سەربازەکانمان گەیشتە110 هەزار سەرباز.

لە خودی نامەکەی سەعدا نووسراوە کە لە کۆشکی مەدائیندا30000 ژن گیراوە،10000 یان هاوسەری تایبەتی یەزدگرد بوە4.

کاتێک محەمەدی کوڕی عەبدوڵا نامە دەنێرێت بۆ هێرکلولۆس(هەرقل)پاشای گرێکلاند،کە داوای ئیسلام بوونی لێدەکا، لە نامەکەدا. هێرکۆلوس هەردوو نێردراوەکەی محەمەد ڕەوانەی شێتخانە دەکا. چونکە ئەڵێ ئێوەو محەمەدیش شێتبوون، ئەگینا چۆن داوا لە من دەکەن بێمە سەر دینی عەرەبەکان.

کاتێک ماوەی سزای هەردوو نێردراوەکەی محەمەد کۆتای دێ،ئیباس ئەسقەفی یۆنانی خۆی دەگەیەنێتە شێتخانەو توورەکەیەک زێڕیان دەداتێ کە بەکاری بهێنن بۆ گەشتی گەڕانەوەیان لەگەڵ نامەیەکدا.

ئیباسی بە نێردراوانی محەمەد ئەڵێ:ئەگەر محەمەد بیەوێ میسرو گرێکلاند بگرێ،من دڵنیاتان دەکەم کە بە ئاسانی سەردەکەوێ. چونکە هێرکولۆس دڕندەیەکە وێنەی نیە. هەرچی ئارسۆزۆکس نەبێ دەیکوژێ.

هێرکولۆس بە کوشتینیش ڕازی نیە، ئەو خەڵکی کەوڵ دەکا پاشان پارچە پارچەیان دەکا. هێرکولۆس یەک نەسترەی نەهێڵاوە هەموویانی کوشتوە.

ئیباس لە درێژە قسەکانیدا ئەڵێ:من لە میسرو سووریا ژیاوم خەڵکی ئەو دوو وڵاتە لەژێر چەوسانەوەی هێکولۆسدا بە چۆکدا هاتوون. من دڵنیاتان دەکەم کە ئەگەر محەمەد 20هەزار چەکدار بنێرێتە سەرشام بە ئاسانی ڕزگاری دەکا.

پێمخۆشە محەمەد ئاگادار بکەن کە خەڵکی شام و میسر پشتگیری ئێوە دەکەن هەتا پاشای گرێکی.چونکە پاشای گرێکی زەڕەیک سۆزی نەهێڵاوە، ئەوان 1000 ساڵە میسرو سورییایان داگیر کردوە،کەچی ئێستاش وادەزانی کە تازە داگیرکراوە. خەڵکی سووریاو میسر بە چاوی دوژمنانەوە تەماشای گرێکیەکان دەکەن5.

پاش ئەوەی ئیسپانیاییەکان خۆیان کۆکردەوەو دژی ئیسلام ڕابوون، تەواوی عەرەب و ئیسلامیان لەناوبردو خاکیان بەتوورەکە بێژان، بەڵام دەنگی بەردیگڕدارو سەربازی نەبینراو نەما،ئەی چیان لێهات؟

کاتێک ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ڕوخاو ئەتاتوورک هاتە پێشەوە دوا مەلای لە سێدارەدا،ئەدی کوا پەڕەسێلکەیەک نەهات بەهاوارو ناڵەی مەلاکانی تورکیاوە؟

ڕاسترین دروسترین بەڵگە قسەکانی ئەسقەف ئیباسە، نامەکەی سەعدە بۆ عومەری کوڕی خەتاب کە ئەڵێ: لە ماوەیەکی کورتدا ژمارەی چەکدارانی ئیسلام لە 52000 چەکدارەوە

بوو به 110000 چەکدار.چونکە چەکدارەکانی ساسانی مەرگیان لا باشتر بوە تا لە ژێر فەرمان ڕەوایی یەزدگردا بژین، بۆیە هەر کەسێکیتریش بوایە ئەوان دەچوونە پاڵ دوژمنی دەسەڵاتدارانی وولاتەکەی خۆیان.

سەرچاوەکان

لینکی یەکەم ماڵپەڕی بێ ئاینانن

2،3،4،5 گەڕانەوە بۆ سەرەتای ئیسلام.

http://www.beayin.co.uk/

http://www.dengekan.com/ktebxana/12kteb-garanawayakBo.pdf